هونەرمەند عەدنان کەریم:

# من ڕێگای کاری هونەری خۆم بۆ هیچ کەسێک ناگۆڕم!



**دیمانە: هێمن ئاری**

**کەم کەس هەیە لە ئێمە کە کاتێ گوێی لەدەنگ و چریکەی هونەرمەند عەدنان کەریم بێ، کە تا سەر ئێسقان داهێنان بە هونەرەکەیەوە دیارە سەرسام نەبێت و لەگەڵ دەنگە ناسکەکەی بەرەو دنیای خەیاڵ نەڕوات. ئەم هونەرمەندە لەبوارکەی خۆیدا خاوەن ڕێچکەو ئەدایەکی تایبەت بەخۆیەتی لە هونەری گۆرانی گوتندا، کە بەو پەڕی لێهاتووییەوە زۆر بەجوانی توانیوویەتی لەڕووی هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانی و هەروەها لە هەڵبژاردنی شیعری گونجاو مامەڵە بکات.**

بەدەنگە خۆشەکەی تێکەڵ بە ئاوازەکانی بکات، لەوێشەوە هونەرەکەی ئاوێتەی ناخ و هزری گوێگران بکات، لەگەڵ ئەوەی ئەم هونەرمەندە ساڵانێکە لەوڵاتی دایک دوورە بەڵام هەمیشە لەڕێگای هونەرەکەیەوە توانیویەتی ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوەو هونەردۆستان بە هونەرەکەی خۆی ئاشنا بکات. لەسەردانێکدا بۆ کوردستان و بە مەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەیەکی هونەری گەڕایەوە کوردستان ئێمەش لە نزیکەوە لەبارەی کارە هونەرییەکانیەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێزی کردو بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی داینەوە.

* دەستپێک دەمەوێت بپرسم مەبەستی سەرەکی سەردانی ئەمجارەی هونەرمەند عەدنان کەریم بۆ کوردستان چی بوو؟

– لەڕاستیدا مەبەستی سەرەکیم لە سەردانی ئەمجارەدا بۆ کوردستان زیاتر پرۆژەیەکی هونەری بوو، دەتوانم بڵێم ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 6 مانگ بەر لە ئێستا، ئەو کات پەیوەندیم کرد لەگەڵ هونەرمەندی گەورە مامۆستا عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە، پێم گوت: گۆرانیەکی نوێم هەیە پێکهاتووە لە نزیکەی 6 جوڵەی ئاوازی تایبەت. ئەمیش لە شیعری شاعیری گەورەی کورد مامۆستا نالییە، گۆرانیەکەش زیاتر باس لە هیجرەت و بیرکردنەوە لە نیشتمان دەکات، جا وادیار بوو مامۆستا عەبدوڵڵا جەمال بەشێوەیەکی وا بیری کردەوە پێی باش بوو کە ئەم کارە هونەرییە لەگەڵ گروپێکی ئۆرکێسترا ئەنجام بدرێت، وادیاربوو ئەمیش دوای پەیوەندی بە گروپی ئۆرکێسترا کردبوو، ئەوانیش بەبڕیاری ئەنجامدانی پرۆژەکە رازی ببوون.

* لەم ئۆرکێسترایەدا چەند میوزیک ژەن بەشداربوون؟

– نزیکەی 30-35 کەس لەشاری بەغدا هاتبوون، کە سەرجەمیان ئامێرژەنی فوودار بوون و نزیکەی 45 کەسیش ژێدارەکانی شاری سلێمانی بوون لەگەڵ هونەرمەندانی تیپی گەڕیان و چەند میوزیک ژەنێکی شاری هەولێرو دهۆکیش بەشداربوون.

* کەواتە دەتوانین بڵێین کە ئەو ئۆرکێسترایەی کە لە کوردستان پێشکەش کرا لە ئاستی سیمفۆنیای جیهانی دابوو؟ یا بڵێین ئەم سیمفۆنیایە لە چ ئاستێکی هونەری دابوو؟

– لەڕاستیدا سەبارەت بە کوردستان ئەمە شتێکی تازەو نوێییە، حاڵەتێکی نوێیەو یەکەم هەنگاوە بۆ کارکردن، یەکەم هەنگاوە و زۆر دڵخۆشین بەوەی کە ئێمەی کوردیش بتوانین مۆسیقای کوردی و گۆرانی کوردیش بگاتە ئاستێکی لەم چەشنە، کە لەگەڵ گروپێکی ئۆرکێسترای وا گەورە شانبەشانی، یەکتربن و بەم شێوەیە ئاوێتەبن بە یەکتری.

* دیارە چەند جارێکی دیکە سەردانت کردووە، بەڵام بەنهێنی و بەبێ ئەوەی هیچ دەزگایەکی ڕۆژنامەنووسی ئاگاداربن گەڕایتەوە ئەمە بۆ؟

– بەڵێ ڕاستە، من زۆر جار هاتوومەتەوە بۆ کوردستان و سەردانم کردووە، هەروەک لەم هاوینە دا سەردانم کرد، بەڵام دیارە سەردانەکانم زیاتر تایبەت بووینە بەخۆم نەک بۆ کاری هونەری. من سەردانم کردووەو بۆ ئەوە هاتوومەتەوە تا دیمەن و سروشتی کوردستان ببینم، ئەمجارەیان نزیکەی 25 ڕۆژ لە کوردستان مامەوە بەبێ ئەوەی لەگەڵ هیچ بنکەو هیچ دەزگایەکی ڕۆژنامەنووسیدا دابنیشم. لەبەر ئەوەی سەردانەکەم تایبەت بوو بۆ خۆم و خێزانەکەم، کاتم بۆ ئەوە تەرخانکردووە زیاتر بچم بۆ هەندێک شوێن و سەرەنجم بدەمە دیمەنە سروشتییەکانی کوردستان و شاخ و کێوەکان، زیاتر کاتەکەم بەمانە بردۆتە سەر، بۆیە حەزم نەکردووە یەک ووتە لە هیچ دەزگایەکدا بڵێم و دەربکەوم.

* هونەرمەند عەدنان کەریم زۆر بەوردی مامەڵە لەگەڵ جۆری ئاوازو تێکستە شیعرییەکان دەکات، ئایا ئەمە چ جۆرە هەستێکە کە وادەکات لەناخی کاک عەدناندا دروست بێت؟

– بەڕاستی دنیای هونەر دنیایەکە زۆر فراوانە، دەبێ زۆربە وردی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەبەر ئەوەی دنیای هونەر شتێکە بەهیچ شێوەیەک درۆی لەگەڵدا ناکرێ، جا بۆیە هەر کەسێکیش کە هونەرمەند بێت، دەبێت زۆر بەجوانی و ڕاستگۆیانە کاری لەگەڵ دا بکات و لەگەڵ جۆری شیعرەکەدا و جۆری ئاوازەکە دا بژیت، لەگەڵ دەنگدا بژیت، هونەرمەندیش کە ئاوازێک دادەنێت یا گۆرانیەک دەڵێت، یا هەر کارێکی هونەری دەکات، دەبێ بیر لەوە نەکەیتەوە کە ئەم کارەی تۆ بۆ چەند جەماوەری دەبێت، یا خەڵک بە چ ڕێژەیەک گوێی لێدەگیرێت، بۆیە دەبێت بیر لە دڵی خۆت بکەیتەوە، جا هەر کاتێ کە تۆ بیرت لەدڵی خۆت کردەوە بەدوای ئەوەی ئەم هونەرەی پێشکەشی دەکەیت ڕاستەوخۆ دڵ دەپێکێ، ئەو کات کارەکە کارێکی پوخت و جوانی لێ دەردەچێت.

* لە گۆرانیەکانی عەدنان کەریم دەبینرێت زیاتر گۆرانیەکان شیعری کلاسیکین و، بەتایبەت چینی گەنجان، کەمتر لە وشەکانی دەگەن، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەشقەوە گۆرانیەکانت گوێی لێدەگیرێت تۆ چی دەڵێی؟

– ئەمە ڕێگا و شێوازی کاری هونەری خۆمە من ڕێگای هونەری خۆشم بۆ هیچ کەسێک ناگۆڕم و هەر لەسەر ئەم ڕێگایەش لەکاری هونەری خۆم بەردەوام دەبم، ئەوەی دەشبینم زۆربەی زۆری گەنجان لەبنەڕەتەوەو لەناخەوەو بە ئەشقێکی زۆرەو گوێ لە گۆرانیەکانی من دەگرن.

* وەک هونەرمەندێک ڕەسەنایەتی هونەرو مۆسیقای کوردی لە فۆلکلۆر یان لە داهێنان دەبینی؟

– ڕەسەنایەتی هونەری کوردی هەردوو شێواز دەگرێتەوەخۆ، بەتایبەت فۆلکلۆر کە نابێ بەهیچ شێوەیەک فەرامۆش بکرێت، چونکە فۆلکلۆر بەشێکی گەورەیە لە هونەری نەتەوایەتی میللەتەکەمان، هەروەها گۆرانی دانراویش بەشێکی گەورەیە لە هونەرەکەمان، لێرەدا ئێمەی کورد دەتوانین لە فۆلکلۆرەوە ئاوازی کوردی زۆر جوان، هەڵێنجین، چونکە کورد لە هونەردا زۆر هونەرمەندی گەورەی تیا هەڵکەوتووە، کە ئەمڕۆ شانازییان پێوەدەکەین و هونەرەکەیان وەک قوتابخانەیەکی ڕەسەن ماوەتەوە، بۆ نموونە وەک هونەرمەند تایەر تۆفیق و حەسەن زیرەک و محەمەدی ماملێ و سێوەو.. ئەمانە گەورەترین کەرەستەن تا بتوانین لەوانەوە جوانترین سەرچاوەی هونەری لێ دروست بکەین و بتوانین هونەری کوردی پێ بناسێنین.

* لە کۆتاییدا گەر شتێکت مابێ؟

– زۆر سوپاس بۆ تۆو سەرجەم برادەرانی ڕۆژنامەی خەبات لەگەڵ ڕێزمدا.

